دڵشاد مەریوانی

وەفایێک بۆ یادەوەری

مەلا جەلالی مەلا ئەحمەدی نەقشبەندی

لە شاری سلێمانی سێ خانەقا هەیە. یەکێك لەوانە پێی دەڵێن: خانەقای حاجی مەلا عەلی. بنیاتنانی ئەم خانەقایەو ڕۆڵی لە پەروەردە دادانی فەقێیانو بوونی بە مەڵبەندێکی زانیاری ئایینیو بەڕێوە – بردنی لەلایەن وەچەکانی بابە تاهیری هەمەدانی (عوریان) چیرۆکێکی سەربەخۆی دەوێ، کە بە شەجەرە ناوی هەموویان نووسراوە تیایداو بنەماڵە یەك لە دووای یەکەکانیان پاراستوویانە، کە ئیستا لای دووا بەتەمنیانە کە ئەویش مەلا کەمالی مەلا ئەحمەدی نەقشبەندییە.

بنیاتنەری خانەقاکەش مەلا وەسمانی شاعیر بووە، کە لە حەفتاکاندا دوکتۆر ئەمینی موتابچی دیوانەکەی ساغ کردەوەو بە چاپی گەیاند.

ئەو سەرەتا کەمە بۆ ئەم ووتارە بەسە، تا خوێنەرانی ئازیز ئەلفو بێیەکیان دەربارەی باسەکە بێ.

مەلا جەلالی مەلا ئەحمەدی مەلا صاڵحی نەقشبەندی. یەکێك بوو لەو مەلا هوشیارو بیر ڕۆشنانەی بێدەنگ - وەك زۆربەی زۆری ڕووناكبیرانی ئەم بنەماڵەیە – ڕۆژگارانی تەمەنی خۆی بۆ زانیاری ئایینیو ڕۆشنبیریو ئەدەبو تەرجەمەو ساغکردنەوەی دیوانی شاعیران ڕابوردووومانو پاكنووسكردنیان تەرخان کردبوو.

زانایێکی بە ئارامو قسە خۆشو لەسەرخۆو بیرتیژ بوو. حەزی بە تێکەڵی خەڵك نەدەکرد بەڵام دەرگایماڵو خانەقاکەی هەموو دەم ئاوەڵا بوو میوانانی ناسیاوو نەناسیاو. ماڵی دنیای بەلاوە هیچ بوو. دەستبڵاوو کەمتەرخەم بوو بەرامبەر بە چورتمە ژیانێکان.

ساکارو بەسەلیقە بوو، لەمەرگ نەدەترساو لە هەڵسو کەوتی ڕۆژانەو ژیانیانەدا زۆر پێشکەوتنخواز بوو. ئەوانەی دەیانناسی ئەم ڕاستیە دەزانن و ئەوانەش کە کچیان داوە بە کورانی ؛ یان کورانیان کچی ئەمیان هێناوە – چونکە ئەم خاڵە لای پێزانی خۆی بۆ زاناو مەلایێکی وەك ئەو بە ڕووناکیو خێرخوازی دەنووسرێ.

دیوانی مەلا وەسمانو هەردوو بەرگی دیوانی خادیمو دیوانی حەمدیو گەلێك دەستنوسی تر – پاش ئەوەی ئەرکی کۆکردنەوەو پاك نووسیو ڕێکخستنیانی کێشاوە – لە لایەن ئەمەوە پێشکەش بە مامۆستایانو شارەزایانی بە چاپ گەیێنەریان کراوە ؛ بە بێ ئەوەی داوای پاداشتی ڕەنجی خۆی لە کەس بکاو ئامادەش بێ وەریگرێ.

بە هۆی ئەو پەیوەندیو خرمایەتیەی لە نێوان منو ئەو زاتەدا هەبوو – هەزاران نوور لە مەزاری – هاتو چۆیم دەکردو ئاگاداری ئەوەی هەم کە ئەرشیفێکی زۆر نایابی هەبوو لە کتێبو دەستنوسی دانسقەو دەگمەن. لەوانە دەستنووسیان تیادایە لای کەس نەبوون ئەو نەبێ.

ڕۆژێك چوومە خزمەتی فەرمووی: تۆ دەزانی دایکی نادر شا چیرۆك نووس بووە؟

خوا عافوویکا چونکە بە قسە خۆشیو گاڵتە بازییێکی پڕ نەزاکەت ناسرابوو. وامزانی گاڵتەم لەگەڵ دەکا. حاڵی بوو کە من دوودڵم دەستی برد دەفتەرێکی دایە دەستم بە خەتێکی وورد. مەرەکەبێکی جوان، کوردییێکی ڕەوان گۆڕیبوویە سەر زمانی کوردی. ئینجا فەرمووی: – ئەم چیرۆکە بەشی دووەمی داستانی ئەمیر ئەرسەلانە. دایکی نادر شا دایناوەو

منیش سالّی (١٩٤٩) کردوومەتە کوردی هەڵبەتە ئەوەش چیرۆکی خۆی هەیەو لەگەڵ دوو دەستنووسی دانسقەی تردا پێشکەشی کردمو لە جێی خۆیدا ؛ لێیان دەدوێمو لە هەلی خۆیدا بە چاپیان دەگەیێنم.

کۆششی فەرهادانەو بەخششی جوانمەردانەی ئەو زانا ئەدیبو شاعیرو پێشکەوتنخوازە ، تا دەهات زیاتر هۆگری خۆی دەکردم . تا رۆژێك رووی ئەوەم لێنا کە یان چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەگەریانەی لەگەڵ بکەم . یاوەکو باسی مێژووی ژیانی خۆیم بۆ بکا . بەرامبەر بەم رووڵێنانە تۆزێك راما ، پاشان فەرمووی:

– تۆ دەزانی من تۆم خۆش دەوێو بە برازای خۆمت دادەنێم . ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا ، داوای لێبوردنت لێدەکەم چونکە خوا خوامە کەس ناوم نەهێنێ بەڵام شتێکی ترت لەگەڵ دەکەم . ووتم : فەرموو.

فەرمووی : ئەوە دوو ساڵە بە نامەخانەو ئەرشیفەکەمدا دەچمەوە . بەتایبەتی دەستنووسو شیعرەکانی باوکم . پاشان دیوانەکەی خۆم بۆ پێشەکی دیوانەکەم شیعرێکم بەدەستەوەیە ، باسی ژیانی خۆمەو بەراورد کردنێتی بە کارەساتو رووداوەکانی ئەم چەرخی بیستەمە نەگریسە لەبەر ئەوە مۆڵەتم بدە تا تەواوی دەکەم ، ئەوسا ئەو شیعرەی ژین نامەیەی خۆمت دەدەمێ .. ئیتر پێویستت بەخۆم نابێ.

هەر چاك بوو ماڵی ئاواو مەزاری رۆشن بێ ؛ بێ هیوای نەکردم بەلام بەداخەوە دووای ئەوە کۆچی کردو کتو پڕ لە رۆژێکی تۆفو زریاندا بەجێی هێشتین ، لە دووا ساتەکانی کۆچیدا ئەزیێتی کەسی نەدا خۆی چووبووە گەرماو پاش خۆشتنو هاتنە دەرەوە گیانی سپاردو
ماڵەکەیان شان بەشانی خانەقاکەیان بوو ، هەر لەوێ بەرێیان کردو لە تەنیشت کەسو کارو باوکو باپیرانی بنەماڵە پیرۆزەکەی هەر لە مەزاری ئەوان لەناو خانەقادا ماڵئاواییان لێ کرد.

دووای ئەو کۆچە کتو پڕەی حاڵی بووم کە شیعرەکەی بۆ ژیاننامەی خۆی تەواو کردبوو بەڵام بەداخەوە یەکێك لە لاپەرەکانی لەناو دەستنووسی تردا بزر بوو یازدە بەیتی لەسەر نووسراوە بەڵکو لە فرسەتو هەلێکدا ئەو لاپەرەیەش بدۆزمەوەو لە دیداری تردا پێشکەش خوێنەرانی بکەم . ئەوا وەکو وەفایێك بۆ ئەو زاتە پیرۆزە شیعری ژیننامەکەی پێشکەش دەکەم کە یازدە بەیتی کەمە.

ژیننامەی خۆم

بۆ تۆ ژیانو بەسەرهاتی خۆم
واخۆم دەینووسم ، نزیکە بڕۆم
نیوەرۆی جومعە ، عارفەی رەمەزان
هاتمە دنیاوە ، ناو نرام : ئینسان
ساڵی هەزارو سێسەدو سیو دوو
هاتمە دنیاوە ، کەوتمە جوستو جوو[1]
نۆسەدو سیازدە ؛ هەزار بە دوواوە
لە مانگی ئابدا . هاتمە دنیاوە[2]
حەربی عالەمی یەکەم دەستپێکرا
من دوازدە مانگ بووم ، شیرم پێ دەدرا[3]
کە (رۆژ) بە رەشی ، لە عالەم گیرا
ساڵەوەختە بووم ؛ رەش بەگیر کرا[4]
سێ ساڵ بووم کە (رووس) هاتە (شیوەکەڵ)
ماڵیان باریکرد بۆ لادێی چەپەڵ[5]
چوار ساڵ بووم (قاتی) رووی کردە ووڵات
حکوومەتی (تورك) رووی کردە نەهات[6]
لە پاش گرانیو دەردو ئێشی پیس
ووڵاتمان کەوتە ژێر دەستی ئینگلیس[7]
جا ئاوەدانی رووی کردە ناوشار
خەڵك بووژایەوەو کەوتنە ئیشو کار
شەش ساڵانە بووم ؛ شێخ (مەحموود) برا
بە دەستی ئینگلیس کە ئەسیر کرا[8]
لەپاش شەڕێکی گەورەی خوێن ڕژان
لەناو (دەربەند) داو (بەردە قارەمان)[9]
هەشت ساڵ بووم کە شێخ کرا بە پاشا
نەگبەتی کورد بوو ، کە هات بە پاشا
جالەو کاتەدا چوومە بەر خوێندن
کەوتمە ناو داوی (ئەلفو بێ) ووتن
لە خزمەت (مەلا نەجیم یەك شەوە)

یەکەم دەرسم خوێند ، کەوتمە بەندەوە.
ئیتر بە باشی رووم‌کردە خوێندن
بە باشی دەمخوێند ، بە بێ سرەوتن
کە گەیشتمە «ئیزهار» بە تێگەشتنەوە
دەستم‌کرد ئیتر بە دەرس‌ووتنەوە
ئیتر مەژغوولّ بووم .. بە خوێندنەوە[10]
تا کەوتمە سەوادی ماڵو ژنەوە
ساڵی چلو یەك ، لە یەکی یەکا
ژنم گواستەوە ، لە سەوی یەکا
لە پێنجی پێنجا ، هەر ئەو ساڵە بوو
کە شەری (رەشید عالی) پەیدا بوو
لە غەیری خوێندنو ... موتاڵا کردن
هیچم نەکردو نایکەم تا مردن
بە بوونو نەبوون ، بە خۆشیو تاڵی
تەواو رازی بووم ، هەر بە منداڵی.

سەرنج :

شاعیر لێرەدا لە هەشت ساڵانی‌یەوە یەکسەر . باسی تا تەواوکردنی خوێندنی دەکا . پاشان دەگەرێتەوە لای نۆ ساڵانی‌و دەست پێ دەکاتەوە.

نۆ ساڵانە بووم بۆردومان کرا
تا وەکو چوار ساڵ ، درێژەی پێدرا
بوردومان کرا ، رۆژێك تا ئێوار
کووچەو کۆڵانو بازارو ناوشار
سبەینێش تاکو ، کاتی نیوەرۆ
هەر بۆردومان بوو ، تاڵانو برۆ
(کەمال)ی برام لەو ساڵەدا بوو
لە دێی (میرباسی) سەروو ، تا خواروو[11]
ئەمجا کەوتینە ژێر دەستی غەزەب
خوادا لێی گرتین ، قارو هەم غەزەب
شەری بەردەرکی سەرا ، کە کرا
من هەژدە ساڵ بووم ، ئەو ساتەی کرا
عێراق کە گۆررا ، بوو بە جەمهووری
چلو پێنج ساڵ بوم ، زەمانی (نووری)[12]

(ئەو یازدە بەیتە وون بووە لێرەدایە)

....

شەستو شەش ساڵم ، ئێستا کە ماوم
هێزم نەماوەو کز بووە چاوم.

پەراوێزە پێویستەکان

(١) ، (٢) : ساڵی ١٣٣٢ ك ، بەرامبەر ساڵی ١٩١٣ ز مانگی ئاب ساڵی لەدایك بوونی شاعیرە.

(٣) ، (٤) : ساڵی ١٩١٤ ئەمانە بوون ، بانگەوازی شەری جیهانی یەکەم ، رۆژگیران ، رەشبگیرو خەڵکی چەکدارکردن.

(٥) : هێرشی سوپای رووس بۆ سەر عوسمانلییەکان داگیرکردنی ناوچەی سلێمانی لەلایەن رووسەوە تا گەیشتنە گوندی (شیوەکەڵ) ساڵی ١٩١٦.

(٦) : نەخۆش کەوتنی عوسمانلییەکانو پەیدا بوونی قاتو قریو گرانیو گۆشتی تۆپیو خواردن ١٩١٧ - ١٩١٨.

(٧) : بەکەوتنی دەوڵەتی عوسمانلی ئینگلیز عێراقی خستە ژێر دەست

(٨) ، (٩) : شەری دەربەندی بازیانو بە دیل گیرانی شێخ مەحموود لای بەردە قارەمانی دەربەند ساڵی ١٩١٩.

(١٠) : مەبەستی موتاڵا کردنە ، نەك دەرسو دەور خوێندن

(١١) : مەبەستی مەلا کەمالی مەلا ئەحمەدی برایەتی . کە ئەو سێ برایە - جەمالو جەلالو کەمال ئەمەن دێژرو بێ وەی بێ تەنیا ئەمیان ماوە.

(١٢) مەبەستی سەرەك وەزیرانی حکوومەتی پاشایەتییە نووری سەعید ١٤ ی تەمووزی ١٩٥٨ رژێمەکەی گۆررا.